www.kurdistannet.org
6-2-2006 23:32 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## داکۆکی لە ئازادیی فیکر و رادەربڕین بکەن! ژیانی مەریوان هەڵەبجەیی لە مەترسیدایە!.

خەونەکانمان بۆ کۆمەڵگەیەکی مۆدرن و سیستەمێکی دیموکرات و عەلمانی و کراوە، خەریکە لە ژێر گەشەکردن و خورتبوونی تەوژمی ئیسلامی سیاسیدا لە کوردستان، دووچاری لەمپەری رژد و ئاستەنگی جددی دەبنەوە. فەزاکانی نووسین و کۆڵینەوە و تویژینەوە، لە بوارەکانی مێژوو، سیاسەت، ئایین و مەسەلە کۆمەڵایتییەکاندا، دێن تەسکتر دەکرێنەوە و لە مەنگەنەی دەسەڵاتی دۆگمای فیکری مەزهەب دەدرێن.

ئیسلامی سیاسی، ئەگەرچی دەسەڵاتێکی رەها و بینراوی لە سیستەمی حوکمڕانیی کوردستاندا نییە، بەڵام بە کەڵکوەرگرتن و قۆستنەوەی دۆخی تایبەتی کوردستان و نەبوونی دەوڵەتی دامودەسگایی و ناسەربەخۆیی و لاوازیی دەسەڵاتی قەزا، لایەن و تەوژمەکانی نیو بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی، شمشێری سەرژێکردنی پەیڤ و وشەی ئازادیان لە کوردستاندا، بەرز راگرتووە و هەرجارێک بە بیانوویەک و هەر رۆژێک بە مەبەستێک، ختووکەی هەستی ئایینیی خەڵک دەدەن و لە ئاست نووسەران و توێژەرانی کورددا، دەیانهرووژینن و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان: مینبەری مزگەوت، رادیۆ، تی ڤی، رۆژنامە و گۆڤارەکانیان دەکەنە ئامرازی تۆقاندنی دەنگە ئازاد و دیموکراتخوازەکان.

ئێمە کە خوازیاری سیستەمێکی عەلمانی و کۆمەڵگەیەکی فرەڕەنگ و دەنگین لە کوردستاندا و جەخت لەسەر رەوایی ئازادیی فیکر، خۆدربڕین، نووسین، ویژدان و تەواوی ئازادییە کەسەکییەکان، بۆ هەموو تاک و لایەنێک (بە ئیسلامی سیاسیشەوە) لە کۆمەڵگەدا دەکەین، ئەوپەڕی بێزاری و تووڕەیی خۆمان لە ئاست بەرپاکردنی هەڵایەک لەسەر بڵاوکردنەوەی کتێبێکی مەریوان هەڵەبجەیی، لەژیر ناوی (سێکس، شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا)، لەلایەن رەوتە ئیسلامییەکانی کوردستانەوە، دەردەبڕین.

مەریوان، لە سۆنگەی بڵاوکردنەوەی کتێبێکدا، ژیانی لی تاڵ کراوە و هەڕەشەی مەرگی لەسەرە!. ئێمە داوا لە رۆشنبیران، نووسەران، ئازادیویستان و دیموکراتخوازان دەکەین، کە لە پیناوی خولقاندنی فەزایەکی ئازادتر بۆ نووسین و داهینان و بەرزفڕینی پەیڤە ماناداەرکان، بۆ دابینکردن و چەسپاندنی دەنگەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستاندا، بۆ پاراستنی ژیان و ئازادیی (مەریوان) و هەموو نووسەران، دەنگیان لەتەک دەنگمان دابنێن و پێکەوە:

- دەسەڵاتی کوردی لە کوردستان رابچەنێنین کە رێز لەو یاسا و رێسایانە بگرن کە پەرلەمانی کوردستان لەمەڕ (ئازادیی نووسین و رادەربڕن و کاری رۆژنامەگەری) دایرشتوون و ئەو یاسا (تەعەسوفییانەش) هەموار بکەن کە لە بەعسەوە بە میرات بۆمان ماونەتەوە.
- دەسگا بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە پاراستنی ژیانی مەریوان هەڵبجەیی بەرپرسن و دەبێت ئەم مەسەلەیە لە ئەستۆی خۆیان بنێن.

- حکومەتی هەرێمی کوردستان، (لە چوارچێوەی یاسادا) ، سنووریک بۆ رەوتە ئیسلامییەکان و هەر رەوتێکی دیکە دابنێت، کە لە سۆنگەی فیکر و بۆچوونی جیاوازدا، سووکایێتی بە ئینسان دەکەن.
- لەم کێشەیەدا و لە ئەگەری سەرهەڵدانی هەر کێشەیەکی هاوشێوەدا، دەبێت دادگایەکی سەربەخۆ، حوکم لەسەر یەکلاکردنەوەی کێشەکە بدات!.

رەوتە ئیسلامییەکان، مافی سرووشتیی خۆیانە کە داوای خۆیان لە دادگادا، لەسەر ئەو کتێبە و هەر کتێب و نووسەرێکی دیکە تۆمار بکەن، کە پێیان وایە سووکایێتییان بە بەهاو پیرۆزییەکانی ئەوان کردووە، بەڵام نابیت مافی ئەوەیان بدرێتێ کە مینبەری مزگەوتەکان و میدیاکانیان کە لە سۆنگەی خەبات و خوێنی تیکۆشەرانی عەلمانییەوە، ئەو ئازادییەیان دەست کەوتووە، دژ بە نووسەران و نەیارانی فیکری خۆیان بەکار ببەن.

1. پشکۆ نەجمەدین
2. گۆران هەلەبجەیی
3. حاجی ئەنوەر
4. هیدایەت ملا علی
5. چنوورشێخ سدیق
6. شەرمین هەڵەبجەیی
7. دانا هەڵەبجەیی
8. حەمەشوان حەمەشەریف

هەربەرێزێک دەخواخێت پشتگیری لە بیروڕای ئازاد، لەمەریوان هەڵەبجەیی بکات، تکایە ناوی سیانی خۆی بۆ یەکێک لەم ئیمێلانەی خوارەوە بنێرێت.

سۆپاس

Pishko2000@hotmail.com
halabja88@hotmail.com
halabja@ofir.dk